# دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد- ژنان و منداڵان

Jiyan

Koerdische Organisatie voor Mensenrechten- Vrouwen & Kinderen
ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد- ژنان و منداڵان

بە ئاگاداری هەموو لایەک بە گشتی و کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی بلژیک بە تایبەتی ڕادەگەیەنین ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد- ژنان و منداڵان بە مەبەست و هیوای تێکۆشان و چالاکی لە بواری مافی مرۆڤ بۆ کورد بە گشتی و ژنان و منداڵان بە تایبەتی لە وڵاتی بلژیک دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوەیە بەو هیوایەیە کە بتوانێ لە شوێنێکی گرنگی وەک بروکسێل بە هۆی بوونی پارلمانی ئەوروپا و کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بتوانێ بەرەو ناساندنی گرفت و کێشەکانی بەردەم مرۆڤی کورد بە گشتی و بارووددۆخی نالەبار و پڕ لە ژان و ستەمی ژنان و مناڵانی کورد لە کوردستان بە تایبەتی دەست بە چالاکی و تێکۆشانی خۆی بکات لەم بوارەدا هەنگاوی جییدی هەڵێنێتەوە. بۆ هەرچی کاراتر و چالاکترکردنی ئەم ڕێکخراوەیە دەستی یارمەتی بۆ لای هەموو چالاکێکی مافی مرۆڤ بە تایبەتی ژنان و منداڵانی کورد ڕادەکێشین و هیوامان وایە کە لەم ئەرکە پیرۆز و پێویستەدا یاریگەرمان بن.

ڕێکخراوی ژیان لە وڵاتی بلژیکە و دەتوان بەم ئیمەیل ئادرەسە پێوەندیمان پێوەبگرن:

Jiyan2707@gmail.com